# وتاری نوێنەری ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد_ مافی مرۆڤ لە کونفرانسی ستۆکهۆلم

بە سڵاو لە بەشداران و بەڕێوەبەرانی بەڕێزی ئەم کۆنفرانسە !

ئێمە وەک ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد_ مافی مرۆڤ بە پێشکێش کردنی ئەم نووسراوەیە بیر ورای خۆمان سەبارەت بە تەوەرەکانی پێشنیار کراو لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەم کۆنفرانسە دەردەبرین .

هەر وەک ڕاگەیاندراوە مەبەستی ئەم کۆنفرانسە دارشتنی گوتاری سیاسی هاوبەش، پێناسە کردنی رەوشی سیاسی ئێستا و دوارۆژی ئێران و چۆنییەتی هەلسووکەوتی کورد بەرامبەر بەم رەوشە و هەروەها گرینگی دیالۆگێکی نێوخۆیی کوردە .

ئێمە وەک ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد_ مافی مرۆڤ پێمان وایە جیا لە وەی کە رەوشی سیاسی ئێستای ئێران چۆن هەلدەسەنگێندرێ هەل و مەرجێکی سیاسی شاز و تایبەت لەر ئێران پێکهاتووە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا بێ وێنەیە .

بارودۆخی ئێستای ێیران دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پێی لە قۆناغێکی سیاسی تازە ناوە. ئێمە تایبەتمەندێکانی ئەو قۆناغە ئاوا هەلدەسەنگێنین :

1 - رادەی وشیاری خەلکی ئێران گەیشتۆتە پلەیەک کەباوەریان بە کۆماری ئیسلامی نەماوە وە بە ئاشکرا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە شیوەی بزووتنەوەیەکی هەراوی جەماوەری لە هەمووی ئێران دەردەبرن .

2 - ئەگەر ئەو نارەزایەتییە جەماوەرییە رەهبەری سیاسی خۆی بدۆزیتەوە دەوار بۆ پێکهێنانی ئاڵ و گووری یەک لاکەرەوە لە سیستمی سیاسی ئێراندا دەکرێتەوە .

3 - سەرجەمەی سیستمی دەسەڵاتداری ئێران تووشی ئەزمەیەکی سیاسی قوول بووە و شەری دەسەڵات لە نێوان لاباڵەکانی کۆماری ئێسلامی گەیشتۆتە رادەیەک کە لایەنەکانی دەسەڵاتدار خەریکی حەزفی فیزیکی یەکترن .

4 - بزووتنەوەی ژنانی ئێران چ پێش دەنگدان بۆ سەرۆک کۆمار وە چ دوای ئەو دیاردیەە یەکێک لە گەورەترین فاکتۆرەکانی ریکخستن و سازدانی خەباتییکی مەدەنی دژی سیستمی دواکەوتوو، پیاوسالار ونادیمۆکراتیک لە ئێران بووە و هەیە و خەباتی ژنی کورد بە هەموو تایبەتمەندیەکانێوە هاوکات و هاورێ لەگەڵ ژنانی ێیران بەشیکی جیێدی لەو خەباتەیە .

ئەو هەل و مەرجە هەستیارە سیاسییەی ئەورۆی ئێران خۆازیاری وردبینی و وشیاری سیاسی هێزەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخۆازی ئەورۆی کوردستانە. واتە کورد دەبێ ئەو بارستاییە بە باشترین شێوەی مومکین لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە .

ئەوە ئاشکرایە کە بەردەوامی و پتەو بوون و بەرێکخراوەبوونی ئەو خەباتە مەدەنییەی کە لە ئارا دایە بناغەی زولم و زۆری و دیکتاتۆری لە هەموو بووارەکاندا لاواز دەکا. مەبەست لە بەرێکخراوەکردنی ئەم خەباتە ئەوەیە کە سەرکرادیەتیکی سیاسی هەبێ کە هەر لە ئێستاوە ستراتیژی و ئاجێندایەکی روون لە هەموو بووارەکانی کۆمەڵگادا وە بەتایبەتی ژنان و نەتەوە بندەستەکان گەلالە و پەیرەو بکا و هێزی بۆ ساز بدا. بە رای ئێمە ئەمە گرینگترین مەرجی سەرکەوتنە .

بە رای ئێمە یەکێک لە لایەنە لاوازەکانی بزووتنەوەی رزگارێخۆازی نەتەویەی کورد تا ئێستا نەبوونی دیالۆگی نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانە. هۆیەکانی ئەو دیاردەیە زۆرن بەڵام ئاکامەکی ئەویە کە تا ئێستا کورد سەرکردایەتێکی یەکگرتوو و ستراتیژێکی روونی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نییە. بە رای ئێمە ئێلیتی کورد بە حیزبی و غەیری حیزبی دەتوانێ سەرەرای تەواوی کەندو ۆ کوسپەکان ئیرادە بکا بۆ سازدانی دیالۆگێکی هاوبەش. بە تایبەت ئێستا کە بارودۆخی سیاسی بەستێنێکی لەباری بۆ چارەسەری ئەو مەبەستە پێکهێناوە. ئێمە پێمان وایە کە دیالۆگێکی وا بەبێ بەشداری و لەبەرچاوگرتنی مافی یەکسانی نیوان ژن و پیاو سەرکەوتوو نابێ و مەبەستەکانی خۆی ناپێکی. ئیمە لە رێکخراوەی مافی ژنی کورد _مافی مرۆڤ بە کردەوە ئەزموونیکی باشمان لە بوارەدا هەیە .

ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ تەنیا رێکخراوێکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە خۆشێوە سەرەرای جیاوازی بیر ورا و پێوەندی حیزبایەتی تۆانیوێتی کۆمەڵێک ژن و پیاوی چالاکی پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە ئوروپا لە دەوری خۆ کۆکاتەوە. لە ماوەی ژیانی ئەو رێکخراوەیەدا دیالۆگێک لە سەر چەند خاڵی سەرەکی گرێدراو بە پرسی یەکسانی خراوەتە بەر باس. ئەو ئەندامانەی کە چالاکی سیاسی حیزبەکانی ترن بە دلفراوانی وبە بێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی حیزبایەتی بە یەکەوە هەول دەدەن پلاتفۆرمێکی پرسی یەکسانی گەڵالە کن .

نەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی تر بە جێندەر کراوە بەو مانایەی کە ژن و پیاو بە هۆی جینسی لەم کۆمەڵگایانەدا رۆڵی تایبەت وەردەگرن. دابەشکردنی ئەم رۆڵانە لە ئەنجامی خۆیدا ژنی لە بازنەی دەسەڵات هەلداوێژێ و مەیدانی سیاسەت وەک ئامرازێکی دەسەڵات دەکاتە پاوانی پیاوان. سیستمی پیاوسالار هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە ئەم پاوانە بەر هەر شێوەیەک بپارێزی و بۆ ئەم مەبەستەش لە هەموو ئامرازەکانی پێکهێنەری دەسەڵات کەڵک وەردەگرێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە فێمینیزم و ناسیونالیزمی کورد بکەونە بازنەی دووفاقەیکی نەگۆنجاو. ئەوە لە ئەنجامی خۆیدا دەتوانی دۆردونگیک لە نیوان ئەو دوو بزووتنەوەدا پێک بینێ. چوون ناسیونالیزمی کورد دەتوانێ بزووتنەوەی ژنان وەک هەرەشەیەک بۆ دابەشبوونی دەسەلاتی پیاوانە سەیر بکا و لە هەمان کاتیشدا  فێمینیزمی کورد لەگەڵ ئەوەی کە قازانجی لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا هەیە خوودی ناسیونالیزم وەک کۆسپێک لە سەر رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پێناسە بکا. دیالۆگیکی ئەوتۆ دەبێ یارمەتی ئەوە بکات کە بۆ هەردووک لایەن رێگا بە خۆێندنەوەیەکی نوێ لە پێوەندی نێوان فێمینیزم و ناسیونالیزم بدات. ئەو دیالۆگە لە ناوەرۆکی خۆیدا دەبی مەیدانێکیش بیت بۆ تۆژینەوەو و رخنە گرتن لەو فاکتۆرە ناسیونالیستیانەی کە ژنان لە بازنەی دەسەلات دەردەهاویژێ و دەوری چالاکانەی سیاسی و کولتوری ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیدا بە کەم و لاواز دەگرێ. لەو دیالۆگانەدا دەبێ تەواوی دام و دەزگای ستروکتوری کۆمەلایەتی لە هەموو بوارێکدا کە بندەستی و نادیاری ژنان بەرهەم دێنێتەوە ببردرێتە ژێر پرسیار.  ئەوش مومکین نییە بە بێی ئەوەی کە هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدرێ ناسیونالیزمی کورد روخسارێکی فێمینیستی بە خۆیەوە بگری و لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەی فێمینیستی دەستکەوتەکانی رزگاربوونی نەتەوەی کورد لە ژێر بندەستی بە پێگەیەک بۆ پەرەسەندنی زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دانێ .

ئەوە کەم نابیستریٚ کە دەگوترێ ئێستا کاتی ئەو باسانە نییە و شتی گرینگتر لەمە هەیە وزۆر بە ئاسانی پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەخرێتە پاشخانی بزووتنەوەی نەتەوەیی. ئیمە رامان لەر سەر ئەوەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی بزوتنەوەیەکی دێمۆکراتیانەیە و بۆیەش ناکرێ لە پرسی یەکسانی نێوان ژن وپیاو کە پرسێکی هەمووی کۆمەڵگای کوردەواری و دیمۆکراتییە جیا بکرێتەوە. بۆیە ئەم دوو بزووتنەوە  ئەشێ هەر لە ئێستاوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان گرێدراوی یەکتر بن .

هەر ەوک باسمان کرد ئەوە راستە کە بە رزگاری نەتەوەیی کورد دەتوانێ بووار بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگا و پەرە سەندنی دێمۆکراسی برەخسێ کە ژنی کوردیش بێگۆمان سوودی لێ دەبینێ، بەڵام ئەوە هیچ مەرجێک نییە بۆ رزگار بوونی ژن لە ژێر زۆلمی پیاوسالاری. بۆیە کێشەی نێوان فیمینیزم و ناسیونالیزم دەتوانێ دۆای سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەویی هەر بەردەوام بێت. لە زۆر ئەزموونی مێژوویدا بۆ نموونە لە شۆرشی مەزنی فەرانسە ناسیونالیزمی فەرەنسی لە کاتی خەبات و شەری رزگاریخۆازیدا ژنانێکی زۆری هان دا ئەوان بەشداری جولانەوەکەیان کرد بەو هیوایەی کە  دوای سەرکەوتنی خەباتەکە بە داواکارییەکانی خۆیان بگەن. بەڵام دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەویی نە تەنیا بە مافە رەواکانی خۆیان نەگەیشتن بەڵکوو زۆربەی ئەو مافانەی پێشووش وەریان گرتبوو لێی بێبەش کران. هەر دوور نەچین ئەزموونی باشووری کوردستان بە روونی ئەوە دەسەلمێنێ. رادەی بەشداری ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی و کوشتنی سەدان ژن بە نێوی بەرگری لە نامووس کە چەمکێکی پیاوسالارنەیە و هتد بەڵگەن بۆ ئەو راستییە. بۆیە هیوامان ئەوەیە کە پێکهاتنی ئەم چەشنە دیالۆگانە بەو مەرجانەی لە سەرەوە باسمان کرد هەوڵێک بێت بۆ لە یەک نیزیک کردنەوەی ئەو دوو بزووتنەوەیە و پێکهێنانی متمانەیەکی زۆرتر لە نێوان ئەو دوو ئیسمانەدا بەو مەبەستەی کە ئەو ئەزموونانەی باسمان کرد دووپات نەبنەوە .

ئێمە رێکخراوەی مافی ژنی کورد_ مافی مرۆڤ پێشوازی لە ئەم جۆرە دیالۆگانە دەکەین و پیمان وایە ئەوە مەرجی سەرەکی بۆ کاری هاوبەشە. بۆیە ئیمە بە گرینگی دەزانین کە لە دیالۆگی ناوخۆیدا کە بە رۆاڵەت پیاوانەیە ژنان و تێکۆشەرانی پرسی یەکسانی رۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. ئەمە دەتوانێ هەنگاوێک بێت بۆ ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد رۆخسارێکی فمینیستی بە خۆی بگرێ و لە داهاتووشدا دەتوانێت پێشگیری لە کۆمەڵێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەیە بکات .

بە سپاسەوە

ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد_ مافی مرۆڤ

نۆامبری ٢٠٠٩